# خۆبەخشانە یاری بۆ یانەکەم دەکەم

## لەنجە سەلام:

### یاریزانی یارییە سیانیەکانی هەڵبژاردەی عێراق

دیمانە: كارزان كانەبی



**شارۆچكەی دوكانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەهۆی دەریاچەی دووكانەوە هەمووكات تایبەتمەندی خۆی هەبووە بۆ كچە یاریزانانی ئەو شارە بەتایبەتی لە یارییە سیانیەكان چەندین یاریزانی بەتوانای لێ دەرچووە كە ئێستا بە ئاست و توانای خۆیان پێشەنگی یاریزانانی ئاسیا و كوردستان و عێراقن، لەنجە سەلام كچە یاریزانی دیاری یارییەكانی سیانیەكان كە هەریەك لە یارییەكانی (پاسكیل سواری و مەلەوانی و ڕاكردن)لە خۆ دەگرێت پاڵەوانی عەرەبیە خاوەنی چەندین مەدالیای زێڕە لە مەلەوانی ١٥٠٠مەتر،ڕاكردن ١٠كم،پاسكیلسواری ٤٠كم لە چەند ڕۆژی ڕابردووش توانی ببێتە پاڵەوانی عێراق لەم یارییە، لە یاریزانە هەرە بەتواناكانە كە پاشە ڕۆژێكی باش لە چاوەڕوانی ئەودایە، كچە یاریزان لەنجە سەلام لە دایكبووی ساڵی ١٩٩٤ی شارۆچكەی دوكانە و یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتیمانی عێراقە لە یانەی دووكان یاری دەكات، لەنجە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی كوردستان وعێراق و وڵاتانی عەرەبی ئێمەش لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی كرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

***چۆن بوو پەیوەندیت بە دونیای وەرزشیەوە كرد؟**

-لەسەرەتاوە وەرزش خولیایەكی مندالیم بوو، دواتر بڕیارم دا كەوا یارییەك هەڵبژێرم و بتوانم تێدا سەركەوتووبم، بەهاوكاری دایك و باوكم توانیم بێمە ناو جیهانی وەرزشی.

***بۆچی لەناوئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە یاری سیانیت هەڵبژاردوە؟**

-باوكم لە منداڵیەوە فێری مەلەی كردم، بۆیە حەزێكی زۆرم بۆ مەلەكردن درووست بوو یەكێك لە یاساكانی ئەم یارییە دەبێت مەلەوانێكی بەتوانا بێت بەهۆی ئەوەی باوكم ڕاهێنەری هەڵبژاردەی سیانیەكانی عێراق بوو زیاتر هانی دام كە ئەم یارییە هەڵبژێرم و توانای خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

*** ئاستی یاری سیانیەكان چۆن دەبینی لە كوردستان؟**

- سوپاس بۆ خوای گەورە ئاستێكی زۆر باشە لە ئێستاشدا یاریزانی زۆر بەتوانامان هەیە كە دەتوانن كێبركێ بكەن لە ئاستی یاریزانانی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیایی بۆیە ئومێدی زۆرم هەیە بە یاریزانانی كوردستان.

*** هەست ناكەی ئەم یارییە پشتگوێ خراوە؟**

- نەخێر من وای نابینم بەهۆی ئەوەی سەرۆكی یارییە سیانیەكان مامۆستا كەمال كە كوردە زیاتر هاوكارمان بووە بۆ پێش خستنی ئەم یارییە، ساڵانە ٣ پاڵەوانیەتیمان لە ناو عێراقدا ئەنجام دەدات جگە لەمەش بەشداری پاڵەوانێتی عەرەبی و ئاسیاویش دەكەین بۆیە بە بۆچوونی من پشتگوێ نەخراوە.

***ترست لەم یارییە نییە كە لە ناو ئاوە بۆ كچ هەندێك زەحمەتە؟**

-بێگومان هەموو یارییەك مەترسی خۆی هەیە لەسەر ژیانی یاریزانان بەتایبەت پاسكیلسواری و مەلەوانی جێگای مەترسیە، بەڵام دڵسۆزیمان بۆ یارییەكە وای لێكردووین گوێ بەم مەترسیانە نەدەین.

*** چی بكرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەكانی كوردستان بەرز بێتەوە؟**

-هیوادارم بودجەی یانەكان چاك بكرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو یانەكان بتوانن وەك پێویست گرنگی بەم بوارە و بوارەكانی تری وەرزشی بدەن و زیاتر هاوكاری یاریزانان بكەن و پێداویستیەكانیان بۆ تەرخان بكەن بۆ ئەوەی یاریزانان زیاتر

بێنە نێو ئەم یارییە.

*** گرفتی وەرزشی یارییە سیانیەکان لە چیدا دەبینی؟**

-گرفتێکی ئەوتۆمان نییە کە جێگای باس بێت تەنیا گرفتەکان کەوتۆتە سەر شانی یاریزانان خۆیەوە بۆ دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ مەشقەکردن چونکە یارییەکی زۆر زەحمەتە.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-بەڵێ زۆر یانە گرێبەستی پێشکەش کردوومە، هەر چەندە لە وڵاتی ئیماراتیش یانەیەك داوای گرێبەستی لێ کردووم، بەڵام بەهۆی دڵسۆزیم بۆ یانەکەم تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە ریزی یانەکە جێبهێڵم.

*** بەهیوای چیت لە ژیانی وەرزشی؟**

-وەرزش هیواو ژیانێکی تایبەتی پێ بەخشیم، ئومێدیشم زۆر بەخۆم هەیە لە داهاتوو ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم.

***بەرنامەت چیە بۆ داهاتوو؟**


-بتوانم بەشداری پاڵەوانیەتێکی ئەورووپی بکەم، لە ئێستاشدا لە خۆئامادەکردنم بۆ پاڵەوانێتی ئاسیا لە وڵاتی ژاپۆن بە هیوای ئەوەم بتوانم دوای کۆتایی هاتنی ژیانی وەرزشیم ببمە ڕاهێنەر.

***قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر یارییەکەتان؟**

-قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەرمان هەبووە نەمان توانیوە وەك پێویست مەشقەکانمان ئەنجام بدەین و پێداویستیەکانمان دابین بکەین تەنانەت رێگربووە لەبەردەم نوێ کردنەوەی گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەکەم، بەڵام هەر بە خۆبەخشانە یاری بۆ یانەکەم دەکەم وەك دڵسۆزیەك بۆ یانەی دووکان.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە ئەوان هەمیشە بەبێ جیاوازی لە خزمەتی وەرزشیی کوردستانن ئەوانە بەهرەکانی وڵاتەکەیان زیاتر دەناسینن.



# ئەو شەش ئەستێرەیەی، کە گواردیۆلا بەهۆکاری جۆراوجۆر لە پێکهاتەکەی دوریخستنەوە

رۆژنامەی سەنی بەریتانی ناوی شەش ئەستێرەی بڵاوکردۆتەوە، کە راهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی پێشتر لە یانەکانی بەرشلۆنە و بایرن میونیخ دەستبەرداریان بووە و بەهۆکاری جۆراوجۆر لە پێکهاتەی یانەکە دووریخستنەوە.

١- رۆناڵدینهۆ

ئەم یاریزانە بەهۆکاری مانەوەی لە یانە شەوانەکاندا گواردیۆلا بڕیاری فرۆشتنی بۆ یانەی ئەی سی میلان دا.

٢- دیکۆ

بەهۆی پشت بەستنی بە یاریزانە ئیسپانیەکان، دیکۆ یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال ناچار بوو بچێتە یانەی چێلسی.

٣- یایا تۆری

بەهۆی یاریپێکردنی بۆسکێتس لە شوێنی ئەو، یایا تۆری ناچار بوو یانەی بەرشلۆنە جێبهێڵێت و ئێستاش لە یانەی مانچستەر سیتی وەکو یاریزانی سەرەکی یاری ناکات.

٤-ئیتۆ

گواردیۆلا بڕیاری دا ئەم یاریزانە بخاتە پرۆژەی کڕینی ئیبراهیمۆڤیچ کاتێك ئیتۆ و بڕە پارەیەکی دایە یانەی ئەنتەر میلان لە بەرانبەر هاتنی ئیبراهیمۆڤیچ بۆ یانەی بەرشلۆنە.

٥-ئیبراهیمۆڤیچ

بەهۆی لێدوانەکانی دژی راهێنەر، گواردیۆلا ناچار بوو ئەم یاریزانە دووربخاتەوە.

٦- باستیان شڤانشتایگر

لەگەڵ گەیشتنی بۆ میونیخ راستەوخۆ بڕیاری فرۆشتنی باستیان شڤانشتایگر-ی دا، بە بیانۆی نەگونجانی لەگەڵ شێوازی یاریکردنی گواردیۆلا.





## کەس بالۆتێلیی ناوێ

ماریۆ بالۆتێلی، هێرشبەری ئیتاڵی و یانەی لیڤەرپولی ئینگلتەرا تا ئێستا داهاتووی یەکلایی نەبۆتەوە و هیچ یانەیەکیش ئامادە نییە ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانیان بگوازێتەوە.

بەرپرسانی یانەی ساسۆلۆی ئیتاڵیا رەتیدەکەنەوە بالۆتێلی بۆ ریزەکانیان بگوازنەوە، چونکە ئەو یاریزانە توانایەکی ئەوتۆی بۆ یاریکردن نەماوە لەلایەکی دیکەوە بە هۆی رەفتارە نابەجێیەکانی ئەوان ئامادە نین بالۆتێلی بچێتە یانەکەیان.

هێرشبەری ئیتاڵی وەرزی رابردوو بە شێوەیەکی کاتی پەیوەندی بە ڕیزەکانی یانەی ئەی سی میلانی وڵاتەکەیەوە کرد و ئەم وەرزەش جارێکی دیکە بۆ ریزەکانی لیڤەرپول گەڕاوەتەوە و تا ئێستاش لەگەڵ تیپی خوار تەمەنی ٢٣ راهێنان دەکات.

# نیمار دەستبەرداری هیمای کاپتن دەبێت
# لە هەڵبژاردەی بەرازیل

نێیمار دا سیلڤای ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ڕایگەیاند، بەدەستهێنانی مەدالیای زێڕ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی بەرازیل یەکێکە لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی و پێی وایە ئەوە باشترین ڕێگە بووە بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانی پێ بێ دەنگ بکات. نێیمار لە یاریی کۆتاییدا بەرامبەر ئەڵمانیا گۆڵێکی تۆمارکرد و دواتر و لە لێدانە یەکلاکەرەوەکاندا، دواین لێدانی جێبەجێ کرد و بە تۆمارکردنی سامبای بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کردە خاوەن مەدالیای زێڕ.

لەلێدوانێکیدا بۆ میدکان، نێیمار گوتی: ئەم سەرکەوتنە یەکێکە لە باشترین ڕووداوەکانی ژیانم، ئەوەی کە ڕەخنەی لێم دەگرت پێویستە ئێستا بێ دەنگ بێت، ناتوانم هەستەکانی خۆم دەربڕم، خەونەکەی خۆمم بەدی هێنا، گەیشتن بە خەون لەگەڵ وڵاتەکەمدا وام لێ دەکات هەست بە شانازی بکەم.

نێیمار دوای کۆتایی هاتنی ئۆڵۆمپیاد ڕاشیگەیاند کە دەستبەرداری هێمای کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل دەبێت و داوای لە تیتی ڕاهێنەری کرد کاپتنێکی تر هەڵبژێرێت.






# زاخۆ تەنیا ٣ یاریزانی پیشەگەری هێناوە

هەرچەندە قەیرانی دارایی بەرۆکی سەرجەم یانەکانی کوردستانی گرتووە، بەڵام زاخۆ ئەمساڵیش درێژەی دا بەهێنانی یاریزانانی پیشەگەر لە دەرەوەی کوردستان بۆ ئەوەی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو یارییەکانی دەستپێبکات، ئەنجامی باشتریان هەبێت. یانەی زاخۆ ئەمساڵ هەرچەندە پشتی بە یاریزانانی کوردی شارەکەی بەستبوو لەگەڵ ژمارەیەک لە یاریزانانی شاری بەغدا، بۆیە یانەکە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووە بۆ ئەوەی لەم وەرزە سوود لەتواناکانیان وەربگرن. لەبارەی هێنانی ئەم یاریزانە پیشەگەرانەش خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ دەمانەوێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنین وەکو سەرجەم یانەکانی تری بەشدار لە خولی عێراق، تاکو ئێستاش بەفەرمی گرێبەستمان لەگەڵ هەریەک لە (راوول هندیروس و خالید موبیزو مەحمود بەحر) کردووە کە خەڵکی وڵاتەکانی سلڤادۆر و سووریان و ئەمانە یاریزانی پیشەگەرن و بەفەرمی لەگەڵ یانەی زاخۆ گرێبەستیان کردووە و بەتەواوی یاریزانی ئێمەن و گرفتیان نییە و خەریکی ئەنجامدانی مەشق و راهێنانن ئێستا لە وڵاتی ئەرمینیان بۆ ئەوەی ئامادەکاری باشتر بکەن بۆ دەستپێکی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ئەمساڵیش ئێمە پێکهاتەیەکی جێگیرمان هەیە کە تێکەڵە لە یاریزانانی کوردی خۆمان لە شارەکانی کوردستان و چەند یاریزانێکی شاری بەغدا و چەند یاریزانێکی پیشەگەر، بۆیە بەم یاریزانانە ئامانجی خۆمان دەپێکین.» لەبارەی گرێبەستی ئەم سێ یاریزانە پیشەگەرش خەلیل گوتی: «ئێمە بە نرخێکی گونجاو گرێبەستمان لەگەڵیان کردووە کە زۆر هەرزانترن لە نرخی یاریزانانی عێراقی، بۆیە ئومێدی زۆرمان بەم یاریزانانە هەیە کە بتوانن ئاستی باش پێشکەش بکەن لەم وەرزە.»




# میران خەسرۆ بە خۆڕایی یاری بۆ پێشمەرگە دەکات

هەرچەندە میران خەسرۆ یاریزانی پێشووی یانەی وەرزشیی هەولێر کە لەم وەرزە پێوەندی بە ریزی یانەی شورتەی شاری بەغدا کردووە بە گرێبەستێکی گرانبەها، تەنیا لە خولی عێراقی یاری بۆ یانەی شورتە دەکات، لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی پێشمەرگەی کوردستان دەیکات بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان و قوربانیدان بۆ گەڵ و نیشتمانەکەی، میران خەسرۆ بڕیاری دا بۆ خولی کوردستان بە خۆبەخشانە یاری بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر بکات، لەم بارەشەوە میران خەسرۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئێستا بەفەرمی یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی شورتەم و تەنیا لە خولی عێراق گرێبەستم لەگەڵ یانەی شورتە کردووە، بەڵام بەهۆی پیرۆزی ناوی پێشمەرگە و کوردستان بڕیاری ئەوەم داوە کەوا لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بە خۆڕایی و بەخۆبەخش یاری بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر بکەم، چونکە ناوی پێشمەرگە لای من زۆر گەورە و پیرۆزە، بۆیە ئەم بڕیارەشم داوە کەوا لە وەرزی نوێی خولی کوردستان بەبێ هیچ بڕە گرێبەستێک یاری بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکەم.



# کەرکووکییەکان بەڵێنیان پێدراوە

کەرکوک ئەم وەرزەش بەشێوەیەکی مەبدەئی متمانەی بەخشییەوە بە دارەوان قادری راهێنەری وەرزی رابردووی تیپەکە بۆیە بۆ ئەم وەرزە یانەی کەرکوک دەیەوێت ئامادەکاری باشتر بکات بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بۆ خولی نایابی کوردستان کە بڕیارە لە ٢٠ی مانگی ئۆکتۆبەری داهاتوو یارییەکانی بەڕێوەبچێت، لە بارەی ئامادەکاری کەرکووکییەکانیش دارەوان قادر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە کۆتاییمان پێهێناوە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی کەرکوک، بەڵام بە شێوەیەکی مەبدەئی ڕێککەوتنەکەمان دەست بەکار نەبووین، بەڵام ئێمە وەکو ستافی ڕاهێنەران نامانەوێ بکەوینە هەڵەکانی وەرزەکانی رابردوو، بۆیە دەمانەوێ بزانین بەرنامەی یانەکەمان چییە، ئینجا ئێمەش دەست بە ئامادەکارییەکانمان دەکەین.» سەبارەت بە یاریزانانیش دارەوان گوتی: «ئێمە نامانەوێ هیچ یاریزانێك پەلكێش بکەین، چونکە سەرجەم یاریزانانی وەرزی رابردوو لەگەڵ تیپەکەمان بەردەوامن و پەیوەستن بەم گرێبەستەی کە لەگەڵ یانەکە هەیانە، باری دارایی تیپەکەش پەیوەست دەبێت بە هێنانی یاریزانان و ئامادەکارییەکانمان، بۆیە ئێمە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٥ ڕۆژی تر چاوەڕێ دەکەین بۆ ئەوەی بزانین یانەکەمان چی دەکات بۆ باری دارایی تیپەکە.» لە بارەی گەڕانەوەی دەستەی ڕاهێنەرانیش بۆ یانەکە قادر گوتی: «یانەی کەرکوک یانەی خۆمانە هەموو شتێکیش ئێستا لە وەرزش بۆتە پارە ئەگەر پارە هەبێت دەتوانین یاریزانی باش بهێنین، یاخود چەند گرێبەستێك ئەنجام بدەین، ئەگەر پارەی باش نەبێت، کاری باشیش نابێت.» گوتیشی: «بەرنامەی باشمان هەیە، دەمانەوێ تیپێکی تۆکمە دروست بکەین بە یاریزانانی خۆمان بچینە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئیدارەی تیپەکەشمان بە پێی زانیارییەکانی ئێمە بەڵێنی ئەوەیان وەرگرتووە کەوا هاوکاری بکرێن لەلایەن بەرپرسانی شارەکە ئەگەر ئیدارەی یانەکەشمان توانییان بەڵێنی ئەوەمان پێ بدەین کە بتوانن پارە دابین بکەن، ئەوە دەست بە ئامادەکارییەکانی خۆمان دەکەین و هیوای زۆرمان هەیە کە بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، چونکە شاری کەرکوک خاوەن چەندین یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و هەموو ساڵێکیش یاریزانانی شارەکەمان روو لە لە یانەکانی تر دەکەن، بۆیە ئومێدی زۆرم بە کوڕانی شاری کەرکوک هەیە.»